مۆڵەتی ئیقامە لە فنلاندا

مۆڵەتی ئیقامە و ڤیزا بەمەبەستی هاتن بۆ فنلاندا دەدرێت. لە ماڵپەڕی

http://www.migri.fi/netcomm/content.asp?path=8,2472,2491&language=FI
زانیاری سەبارەت بەوە بەدەست دەهێنیت، کە لە چ هەلومەرجێکدا دەکرێ پێت بدرێ. بە گشتی مۆڵەتەکان بەپارەیە .

ئەگەر هاووڵاتی سویدی، نەرویجی، دانمارکی یان ئایسلاندیت (ئیسکێندناڤیی)، ئەوا دەتوانیت ئازادانە بێیت بۆ فنلاندا و بەبێ مۆڵەتی ئیقامە لە فنلاندا بمێنیتەوە. ئەگەر چوویتە سەر کاریش پێویستیت بە مۆڵەتی کارکردن نیە .

ئەگەر هاووڵاتی یەکێتی ئەوروپا EU یان وڵاتانی یەکێتی ئابووری ئەوروپایت ETA ، دەتوانیت بۆ ماوەی سێ مانگ لە فنلاندا بژیت، کاربکەیت، پیشەکەت بەگەڕ بخەیت یان بخوێنیت بەبێ ئەوەی پێویست بە هیچ کاروبارێکی ئیداری کاربەدەستان بکات. ئەگەر بۆ ماوەیەکی زیاتر لە فنلاندا بمێنیتەوە، دەبێ مافی مانەوەی خۆت تۆمار بکەیت. لە ماڵپەڕی بانکی زانیاریدا سەیری لاپەڕەی http://www.migri.fi/netcomm/content.asp?path=8,2472,2492 بکە .

ئەگەر خەڵکی وڵاتێکی تریت و بۆ ماوەی زیاتر لە سێ مانگ هاتوویت بۆ فنلاندا، بەگشتی پێویستیت بە مۆڵەتی ئیقامە هەیە. ئەگەر لە فنلاندا کار دەکەیت، بەگشتی پێویستت بە مۆڵەتی ئیقامەی کاریی هەیە. لە ماڵپەڕی بانکی زانیاریدا سەیری لاپەڕەی هاتن بۆ کار بۆ فنلاندا http://www.infopankki.fi/ky-KG/toihin_suomeen/ بکە .

ڤیزا تەنیا بۆ سەردانی کورت ماوە دەدرێت. ئەم سەردانە دەکرێ لانی زۆر سێ مانگ درێژە بکێشێ. بۆ نموونە بێگانەیەک کە وەک توریست، بۆ سەفەری کاری و بازرگانی یان سەفەری بەشداری لە کۆبوونەوە و کۆنگرەدا دێت بۆ فنلاندا، ئەوا پێویستی بە ڤیزا هەیە .بەگشتی لە سەفارەتی فنلاندا http://formin.finland.fi/public/default.aspx?nodeid=15131 کە لە وڵاتی کەسی داواکەردا هەیە داوای ڤیزا دەکرێت .فنلاندا لەگەڵ هەندێ وڵاتدا ڕێکەوتننامەی هات وچۆی بێ ڤیزای ئیمزاکردوە. هاووڵاتیەکانی ئەم وڵاتانە کاتێک دێن بۆ فنلاندا پێویستییان بە ڤیزا نیە.وەزارەتی دەرەو

http://www.formin.fi/palvelut

زانیاری سەبارەت بە نرخی مۆڵەتەکانی مانەوە لە فنلاند http://www.migri.fi/netcomm/content.asp?article=1943&language=FI